

من لێرە بە ڕۆحی گفتوگۆ ناسراوم، کە لە بنەڕەتدا لە یەکگرتووی ئیسلامییەوە هێناومە ..

ل٣..



ڕەخنەی دانانی پارێزگاری سلێمانی لە یاساکەیە نەك کەس ..

ل٢..



ئەگەر بە (بەڵێ) ریفۆراندۆم تێپەڕێنرا تورکیا دەبێتە ئەورووپایی

ل١٤..


# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٠٦) - پێنج شەممە ٢٠١٠/٩/٢ ز

١١ی (گەلاوێژ)ی ٢٧١٠ی کوردی-٢٣ی (رمضان)ی ١٤٣١هـ - ساڵی شانزەهەم

2- Sep. -2010 - No. (806)
sixteenth Year Kurdistan - Iraq

™

نرخی (٥٠٠) دیناره


**ڕەمەزانتان قبوڵ و جەژنتان پیرۆز**

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، وێڕای نزای قبوڵبوونی عیبادەتەکانی مانگی ڕەمەزان، بەناوی ستافی رۆژنامەی یەکگرتووەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم موسڵمانانی جیهان و کوردستان بە تایبەت دەکەین.

بەوبۆنەیەوە ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامەکەمان دەکەینەوە کە هەفتەی داهاتوو یەکگرتوو دەرناچێت..

رۆژنامەی یەکگرتوو

## لەخولی نوێدا و بە ئەزموونی ساڵی رابردووی پەرلەمان

# ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، کار لەسەر لێکتێگەیشتنی زیاتر دەکەن

پشووی هاوینەی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی هات و بڕیارە لەم رۆژانەدا دانیشتنەکانی خولی نوێی پەرلەمان دەست پێبکاتەوە، ئەو پرۆژەیاسا و کارە گرنگانەی کە لەم خولەدا پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر بکات، پەرلەمانتار (سەمیر سەلیم ـ لە فراکسیۆنی یەکگرتوو) بۆ رۆژنامەکەمان دوا "ڕەنگە لە سەرەتای هەفتەی داهاتووەوە دانیشتنی کردنەوەی خولی نوێ ئەنجام بدرێت، لەم خولەدا پەرلەمان دەیەوێت کۆمەڵێك پرۆژە یاسا تاوتوێ بکات کە لەلایەن لیژنەکانەوە قسەیان لەسەر کراوە و سیمنیاریان بۆ گێراوە بۆ کاری لەسەر بکرێت". لەو پرۆژەیاسانەش بەڕێزی ئاماژەی بە پرۆژەیاسای (داواکاری گشتی) کرد "تا لەڕووی سسیستماتیکەوە بتوانین لە کوردستاندا زەمینەسازی زیاتر لەسەر چاکسازی بکەین و دەسەڵاتەکانی فراوانتر بکەین". وتیشی:"یەکێك لە کۆڵەکەکانی چاکسازی بریتییە لە داواکاری گشتی، پێویستە دەستی واڵا بکرێت".

هەروەها پرۆژەیاسای بودجەی حیزبە سیاسییەکان، دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان توندوتیژی و، کۆمەڵێك پرۆژەیاسای تریش.





سەبارەت بە ئەولەویەتی زیاتریش (سەمیر سەلیم) ئاماژەی دا "بودجەی حیزبەکان و داواکاری گشتی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان) کرد، سەرەڕای (دەستەی نەزاهە)، سەبارەت بە ئەزموونی ساڵی رابردوو و جیاوازی کارکردن لە خولی نوێدا پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی یەکگرتوو وتی:"بە رای من ئەو بارگرژیەی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و لیستی دەسەڵاتدا هەبووە و لە ساڵی رابردوودا پێدەچێت ئەزموونی لێ وەرگیرابێت و بەرەو هێوربوونەوەو لێکتێگەیشتن و دووربینی زیاتر بڕوات، پاشانیش پێدەچێت لەڕووی راگەیاندنەوە پەرلەمان کارێکی تازەی هەبێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ راگەیاندنەکان و گواستنەوەی کۆبوونەوەکاندا، رەنگە گۆڕانکاری تریش بێتە پێش".

# لقێکی رابیتەی ئیسلامی کورد لە چوار پارێزگادا خزمەت دەکات

**ئاکۆ هۆرێنی**
**یەکگرتوو/ گەرمیان**

لقی کەرکوکی رابیتەی ئیسلامی کورد تاکە لقێکی ڕێکخراوەکەیە کە لە سنووری چوار پارێزگای کەرکوك و سلێمانی و دیالە و سەلاحەدیندا خزمەت دەکات و بەهانای نازدار و نەدارانەوە دەچێت و تا ئێستاش گەلێك پرۆژەی بەرچاوی لەوناوچانەدا جێبەجێ کردووە.

لقی کەرکوکی رابیتەی ئیسلامی کورد دوو بارەگای سەرەکی هەیە لەهەر یەکە لەشارەکانی کەرکوك و دەربەندیخان، سنووری خزمەتکردنی لقەکە بریتییە لەهەریەکە لەشارەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی و، پارێزگای کەرکوك بە شارو شارۆچکەکانیەوە، لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکانی وەك دووزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین و، ناوچەکانی خانەقین و قەرەتەپەی سەر بە پارێزگای دیالە.

فایەق تۆفیق– بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی رابیتە بەرۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند کە "رابیتە تا ئێستا هەزار و پەنجا پرۆژەی لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا جێبەجێکردووە کە دووسەدو هەشتاو شەش پرۆژەی لە سنووری ئەو چوار پارێزگایەی سەر بە لقەکەیاندا بووە، هەروەها (٣٠٠٠٠) سی هەزار منداڵی نازدار پەروەردە کراوە کە (٦٠٠٠) شەش هەزاری لە سنوری لقەکەیاندا بووە". ئاماژەیشی بەوەدا کە بەشێك لە نازدارانی ئەو چوار پارێزگایە لەلایەن خێرخوازانی ناوخۆی کوردستانەوە کەفالەتکراون و بەشەکەی تریشی لەلایەن خێرخوازانی دەرەوە.

سەبارەت بە پرۆژەکانی مانگی رەمەزانیش رایگەیاند کە کە لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا هەڵمەتی دابەشکردنی خواردەمەنیان دەست پێکردووە بەسەر هەژارانی پارێزگای کەرکوك و، هەروەها لە ناوچە دابڕاوەکانیشدا بەردەوام خزمەت دەکەن و، لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی خەڵکەکەن.

ناوبراو ئاشکرای کرد کە بەپێی ئەو داتاو ئامارانەی لە بەردەستیاندایە، هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی هەژار لە سنوری هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکاندا هەن.

لە لاپەڕە (٤) دیمانەیەك لەگەڵ ناوبراو دەخوێنیتەوە.

# پشت بە لێدوانەکەی (ئاشتی هەورامی) وەزارەتی نەوتی عێراقی (٥٠٪)ی بەشە سووتەمەنیی هەرێمی کەم کردۆتەوە

**مەحمود یاسین**
**یەکگرتوو/ هەولێر**

دوای لێدوانەکانی (ئاشتی هەورامی ـ وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم) لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی لە (٨/١٩) سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی نەوتی ڕەش بە نەفتاو ناسراوە، وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق بە بڕیارێك (٥٠٪)ی بەشە سووتەمەنی هەرێمی کوردستانی بڕی، پەرلەمانتارێکی عێراقیش ئاماژە بەمە دەکات کە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، تەنها هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لێی زەرەرمەند دەبن. (د.بایەزید حەسەن ـ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لە خولی رابردوودا) لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند کە هەڵویستەکانی حوسێن شەهرستانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان توندە، ئەوانیش پشتیان بە لێدوانەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر ماڵپەڕی فەرمی بەستووە، بەوەی نەوتی ڕەش لە هەرێمی کوردستان زیادە و ئەو موشتەقاتانەش زۆرە، بۆیە بەردەوام دەبن لە ناردنە دەرەوە، لەبەر ئەم لێدوانانەش حکومەتی ناوەندی بەشە سووتەمەنی هەرێمی کوردستانی بۆ ڕێژەی (٥٠٪) کەم کردۆتەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی رۆژنامەی یەکگرتوو لە ئێستادا ڕێژەی سوتەمەنی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێکە کە (٢٠٣٦٠٠٠) لیتر بەنزین و (٢٣١١٠٠٠) لیتر گازوایل و (١٣٤٧٠٠٠) لیتر نەوتی سپی رۆژانە دێت و بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوان بەسەر هەرسێ شارەکەی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)دا دابەش دەکرێت، ئەمەش بەشی پێداویستییەکان ناکات، لەمبارەیەوە پەرلەمانتار (د.بایەزید حەسەن) گوتی زۆربەی کارگەکان پێویستیان بەو نەوتە رەشە هەیە، بۆیە لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە تا قەیرانی سوتەمەنی دروست نەبێت، ئێستا ئەم نەوتە رەشە نەنێردرێتە دەرەوە، بەڵکو بدرێتە ئەو خەڵکە، ئەگەرچی ئەو نەوتە رەشەی هەرێمی بۆ خەڵك و خاوەن کارگەکان نییە، چونکە حکومەتی هەرێم دەڵێ: هەر دەینێرینە دەرەوە.

لەلایەکی ترەوەی (د.کاوە مەحمود ـ وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی یەکگرتوودا رایگەیاند کە حکومەت بەردەوامە لە گەیشتن بە ڕێگاچارەیەك لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، هەروەها ئەوەشی روونکردەوە کە حکومەتی هەرێم هەوڵ دەدات قەیرانی سووتەمەنی دروست نەبێت، تا چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ ئەو بابەتە دەدۆزێتەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی.

# بزوتنەوەی گۆڕان ئۆرگانەکانی ڕێکدەخاتەوە

**ئارام کۆیی/ یەکگرتوو**

دوای ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان وەك حیزبێکی سیاسی مۆڵەتی کارکردنی پێدرا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێستا بزوتنەوەی ناوبراو سەرگەرمی نوێکردنەوەی تەشکیلاتی ئۆرگانەکانی رێکخستنە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند، کە لەم ماوەیەدا دەست کراوە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سەرجەم ناوچەکاندا بەمەبەستی هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی رێکخستن لە ناوەند و ئەنجومەن و ئۆرگانەکانی تر.

ئەو سەرچاوەیە زیاتر گوتی: پێشتر بەهۆی نەبوونی مۆڵەت وەك حیزبی سیاسی، ئێمە وەك کۆمەڵەیەکی جەماوەری بووین، بەڵام لەمەودوا وەك هەر حیزبێکی تر بایەخ بە کاری رێکخستن دەدەین.

# لە سلێمانی (١٠٠٪) ڕێنماییەکانی تایبەت بە مانگی ڕەمەزان، جێبەجێ دەکرێت..

**ژیار عومەر محەمەد**
**یەکگرتوو/سلێمانی**

چەند ڕۆژێك بەر لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان پارێزگاری سلێمانی چەند ڕێنماییەکی تایبەت بە ڕێزگرتن لەو مانگە پیرۆزە ڕاگەیاند، قایمقامی مەرکەزی سلێمانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە (١٠٠٪)ی ئەو ڕێنماییانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە جێبەجێ کراون.

لەوبارەیەوە (زانا محەمەد ساڵح ـ قایمقامی مەرکەزی شاری سلێمانی) بە رۆژنامەی یەکگرتووی وت:"(١٠٠٪)ی ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، لە سلێمانی جێبەجێ کراوە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، تا ئێستا هیچ کەس بەهۆی سەرپێچییەوە سزا نەدراوە".

قایمقامی مەرکەزی شاری سلێمانی هۆکاری ئەو جیاوازی پابەندبوونەی هاووڵاتیانی بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "ئەمساڵ ڕێنماییەکان شێوازێکی تر بووە، ساڵانی پێشووش شێوازێکی تر بووە".

زانا محەمەد ساڵح رایگەیاند "ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی تر ڕێنماییەکان جێبەجێ کراوە".

ناوبراو هۆکاری ئەو جیاوازییەشی گەڕاندەوە بۆ چاودێریکردنی زیاتر و بەردەوام بووە لەلایەن لیژنە تایبەتیەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە لەمساڵدا.